# بڕیارێکی حکومەتو پرسیارێك بۆ یەکێتیی زانایان[1]

فاضل قەرەداغی

رۆژنامەی کۆمەڵ ژمارە (١٤٣) شەممە ٢٥/شعبان/١٤٢٥ کۆچی ـ ٢٠٠٤/١٠/٩ زاینی، ل٥

دەمەوێ باسی کارێك بکەم یەکەم جارە لەم وڵاتەدا بکرێتو لەپاڵ ئەو باسەشدا گومان بخەمە حیکمەتی دەسەڵاتو بە پرسیارێك لە یەکێتیی زانایان (سلێمانی) شتێکی عەمەلی بخەمەڕوو.

کارەکە فەرمانێکی حکومەتی هەرێمە کە دەبێت ئافرەت بەبێ لەچك وێنە بۆ پێناسو کاروباری حکومەت بگرێت (ئەمە لە حکومەتی سلێمانیولە هەولێردا ئەمە نییە). ئەگەر باسی چۆنێتیی چەسپاندنی ئەو بڕیارەش بکەین بەلای کەمەوە نموونەی یەکێك لە دەزگاکانمان لەبەر دەستە وێنەی ئافرەتێکی سەرداپۆشراوی تەسلیم کرابوو کەچی وەڵامی ئەو دەزگایە زەربێکی پڕ لە ڕق بە قەڵەمێکی پڕ لە قین لە وێنەی ئەو ئافرەتە.درا بوو. دڵنیاشم هاووڵاتیی زۆر هەن چیرۆکی لەم جۆرەیان هەیە. پرسیارەکەشم ئاڕاستەی سکرتاریەتی یەکێتیی زانایان (سلێمانی) دەکەمو چاوەڕێی فەتوایەکم لێیان. پرسیاریش ئاڕاستەی ڕێکخراوەکانی ژنان ناکەم چونکە ئەوان لە ئاست زوڵم لە ئافرەتی داپۆشراو هەمیشە بێدەنگنو ئەو ئازادییەی ئەوان دەیانەوێت ئازادییەکە بۆ جۆرێکی تایبەتی ئافرەتان، هەروەها ئاڕاستەی ئەوانەشم نەکردووە کە بە باسی ئازادیی بیروڕاو ئازادیی پۆشاك گوێیان کاس کردووین چونکە ئەوانیش لە هەمان بابەتن.

پرسیارەکە کە لە یەکێتیی زانایانی دەکەم ئەوەیە: ئایا جائیزە دەسەڵات بڕیاری وا بدات لەکاتێکدا خودا لە ئایەتێکی ئاشکرای قورئاندا فەرمانی داوە ئافرەت خۆی داپۆشێت؟ ئەو وەڵامەشم ناوێت کە دەڵێت ئەمە لە حاڵەتی زەروورەتدا جائیزە چونکە ئێمە لە فەڕەنسادا ناژین تا بڵێین موسڵمانان کەمایەتینو گەلی فەرەنسا کافرەو یاسای خۆی جێبەجێ دەکات (بەڵام دەوڵەتەکەی ئەویش لەم مەسەلەیدا دژی ئەو ئازادییە دەوەستێ کە ئیددیعای دەکات). هەمووش دەزانین کورد میللەتێکی موسڵمانەو ئەو ئافرەتانەی خۆیان داپۆشیوە لەژماردن نایەن و ئەوانە مەرج نییە ئیسلامی بن بەڵکو تەنانەت ئیسلامییەکان کەمایەتین لەچاو ئەو ژمارەیە. وەڵامی: "ناچارین لەم بڕیارە بێدەنگ بین" دیسان لە ئێوە قبووڵ نییە چونکە ئێوە بەشێکن لەم حکومەتەی کوردستان بۆیە دەتوانن بڵێن نەخێرو بڕیاری وا بەتاڵ بکەنەوە. خۆ ئەگەر هەر سوورن لەسەر ئەوەی دەسەڵات گوێتان بۆ ناگرێت لەو شتانەی پەیوەندییان بە ئاینەوە هەیە ئەو کاتە حوکمێکی خراپ بەسەر خۆشتانو دەسەڵاتیش دەدەن

هەروەها پێویست بە پاساو هێنانەوە بۆ ئەو بڕیارە ناکات چونکە بڕیارێکە هیچ پاساوێکی نییەوبەپاڵ سەلماندنی ڕق و کینە بەرامبەر حیجاب شتێکی تر دەسەلمێنێت ئەویش کە بڕیارێکی حەکیم نییە. با بشزانین بۆچی: تەنها پاساوێك ئەو بڕیارە هەیبێت مەسەلە ئەمنییەکەیە بەڵام تەماشا بکەن چۆن مەسەلەی ئەمنی وا دەخوازێت نەك تەنها

[1] لە رۆژنامەکە هەندێ وشە گۆڕدرانو هەندێ ڕستە لابران، لێرەدا بابەتەکەم گەڕاندەوە سەر ئەسڵی خۆی.

بڕیاری وا نەدرێت بەڵکو پێچەوانەی ئەم بڕیارە بسەپێنرێت. پاساوەکە ئەوەیە دەبێت ئەو ئافرەتە باش بناسرێتەوە (ئەمەش بەهانەیەکی سەیرە چونکە ئایا ئەگەر قژی دەرنەکەوێت کەس بە دەموچاو نایناسێتەوە؟). با واش دابنێین ئەو ئافرەتە داپۆشراوە نیازێتی کارێکی توندوتیژی ئەنجام بدات یان نامەو هەواڵو پارە..تاد بگەیەنێت بە "تیرۆریستان" یان جاسووسییان بۆ بکات . ئێستا ئافرەتە سەرداپۆشراوەکە بە سەری ڕووتی وێنەی لە پێناسەکە دراوەو ئەو ئافرەتە نیازێتی یەکێك لەو ئیشانەی سەرەوە بکات. ئافرەتەکە سووکوباریك لە بازگەدا یان لە پرسگەدا لەچکی خۆی فڕێدەدات، واتە چۆن لە پێناسەکەدا وێنەکەی هەیە وەهاش لەبەردەم پاسەوانەکاندا دەردەکەوێت ئەوانیش تێر سەیری دەکەنو تێر سمێڵیانی بۆ بادەدەن تا ئەو لەحزەیەی ئەو تۆزیان بەبادا دەبات، بەم جۆرەش ئەو بڕیارە بوو بە نەگبەتی بۆ پارێزەرانی ئەمنو ئاسایش. جگە لەم زیانەو هەرچەندە لە سەددا یەك شتی وا ڕوودەدات بەڵام ئاکامەکەی لەوە خراپتر دەبێت چونکە ئەو کاتە گومان لە هەموو ئافرەتێکی سەرڕووت دەکرێتو ئەگەر لەساڵێکدا یەك ڕۆژ ئەمە ڕوودات باقی سێ سەدو شەستو چوار ڕۆژەکەی تر ئافرەتانی سفوور تووشی ناڕەحەتیو گومانو پشکنین دەبن.

ئەگەر ئەو بڕیارە نەبێتو ئافرەت بۆی هەبێت بەلەچکەوە پێناسی هەبێت ئەو کاتە پێویستە لە بازگەکاندا هەر وا بمێنێتەوە دەنا چەکدارانی بازگەکە یان ئەوانەی پرسگە دەکەونە گومان لێیو دەڵێن بۆچی لەپێناسدا سەرت داپۆشراوە کەچی ئێستا سەرت ڕووتە؟ بەم جۆرە ئەگەر پاساوی بڕیارەکە لایەنی ئەمنی بێت پێویستە ئەو ئافرەتەی لەچك بەسەرە وێنەیەکی لێ قبووڵ نەکرێت تێیدا قژی بەدەرەوە بێت.. ئەگەر حیکمەت هەبێت پێویستە بڕیاری وا بدرێت بەڵام بڕوام پێ بکەن، خۆشتان باش دەزاننو سوێندتان ناوێت، لە کوردستاندا چەندین بڕیار دراون حیکمەت پێچەوانەکەیان دەخوازێت. ئەمەش ئەو ڕاستییە ساکارەیە کە دەڵێت: ڕقو کینە عەقڵ پەك دەخات (تەماعیش لە حاڵەتەکانی تردا).

بەڵگەیەکی گەورەتر لەسەر نەبوونی حیکمەت لەم جۆرە بڕیارانە وەزعی ئێستای کوردستانە. هەموومان دەزانین ئەمڕۆ دوژمنی کورد لە جاران زیاترن، زۆربەشمان دەزانین کە تەنها پەناگەیەکی ماددی بۆ کورد مابێتەوە ئەمەریکایە. زۆریش هەن دەرك بەو مەترسییە دەکەن ئەگەر هاتو ئەمەریکا پاشەکشەی لە عیراق کرد. بێگومان زۆریشن ئەوانەی خۆیان دەخەڵەتێننو وا دەزانن ئەمەریکا تا هەتا دەمێنێتەوە. کورد ئەمڕۆ لەناو دورگەیەکی بچووکدایە چواردەوری هەمووی بورکانەو دەکوڵێت. سیاسەتی حەکیمانەش ئەوەیە دوژمنەکان کەمتر بکەینەوە بەڵام کوا حیکمەت لەوەی دەکرێتو دەوترێت؟ دەبێت بەلای کەمەوە ڕقو کینەی عەرەب و تورکمان کەم بکرێتەوە (بێ ئاوڕدانەوە لەوەی خەتای کێ بووە چونکە دواڕۆژ مەترسییەکەیە نەك رابوردوو) ئەویش بوارێك بمێنێتەوە بۆ ئەو ڕۆژەی ئەمەریکا کورد بە تەنیا بە جێ دەهێڵێت، خۆ ئەگەر سەنەدێکتان لە ئەمەریکاوە هەیە کە قەت پشتی کورد بەرنادات دەتوانن تەنانەت بە دەستی خۆتان عەرەب بکوژن بەڵام دیارە شتی وا نییە. ئەو ڕۆژەش ئەمەریکا کورد جێبهێڵێت کارەساتێك ڕوو دەکاتە کوردستان کە تا ئێستا بەخۆیەوە نەدیوەو یەکەم کەس دەبنە قوربانی کوردەکانی کەرکووکو خانەقین و مووسڵ.

بەکورتی ئەم قۆناغە بۆ کورد هێندە پڕ مەترسییە کە پێویستە بزانێت چۆن هەنگاو بۆ پێشەوە بەرێت، بەلای کەمەوە کاتێك مامەڵە لەگەڵ ناوەڕاست و باشووری عیراقدا دەکرێت "شتێکی تیا بهێڵێرێتەوە". بەهەرحاڵ حەز دەکەم

ئەو مەترسییەی کە خۆی بۆ کورد حەشار داوە بەڵام زۆربەی کورد لێی بێئاگان هەڵبگرم بۆ بابەتێکی تر. تا ئەو کاتەش ڕەنگە ئەو ئاماژەیەی رامسفیلد بۆ پاشەکشە لە عیراق (کە یەکەم ئاماژەیە لەم جۆرە بەرپرسێکی ئەمەریکی بیکات) هێندە دووبارە بێتەوە کە بتوانم باشتر وێنەی ئەو مەترسییە بکێشم.

سیاسییەکانمان ئاوا رۆژ لەدوای رۆژ دوژمنمان بۆ زیاد دەکەن کەچی هێندە بێباکنو بەوە ناوەستنو تەنانەت کوردی خۆمان دەکەنە دوژمنی یەکتر. شوێنی ئەوەش نییە لێرەدا نموونە لەسەر کارگەی دروستکردنی دوژمنی ناوخۆ بێنمەوەو لە سنووری پرسیارەکەی خۆم لە یەکێتیی زانایان دەوەستم و دەڵێم: دەیان هەزار ئافرەتی داپۆشراو هەن کە نەخۆیانو نە کەسوکاریان بەم بڕیارە رازی نینو بە سووکایەتیکردن و بێدینیی دەزاننو ئەو خەڵکەتان ڕق ئەستوورتر کرد.. ئەی دوای ئەوە زەوی هەر بە تەختی دەمێنێتەوە؟

ئەوە دڵی خۆتان خۆش کردو وێنەی لەچك بەسەرتان لە پێناسدا نەهێشت وەك چۆن پێشتر تا حەددی نەهێشتن لە کەناڵە ئاسمانییەکەدا کەمتان کردەوە. وا بۆتان چووە سەرو نەتانهێشت مامۆستای ئافرەت جبە بکاتە بەرو پێتان کردن بە کراسو تەنوورە (چەندیش زانست لە قوتابخانەکاندا بەم بڕیارە پێشدەکەوێت.. وەڵامەکەی لای "پسپۆڕان"ی پەروەردەیە)،وا هەموو ئەمانەو لەوەش زیاترتان کرد.. ئایا قەناعەتتان بە چەند ئافرەت کرد کە ئیشی باشتان بۆ کردوون؟ تا دەتوانن بژمێرن بەڵام هەروەها ئەو ئافرەتانەش بژمێرن کە تووڕەتان کردوونو ژمارەکەیان بدەن لە پێنج تا دە ئینجا بزانن چەند کەستان کردۆتە دوژمن لەم دورگەیەی بە بورکان دەورەدراوە. ئەمە ڕوو دەکەمە ئێوەی دەسەڵات، پرسیارەکەشم بۆ یەکێتیی زانایان هەر ماوە: ئایا بەپێی شەرعی ئیسلام دەسەڵات بۆی هەیە ئەو بڕیارە بسەپێنێت؟ ئەگەر کردیشی حوکمەکەی چییە؟